# هونەر و هەڵبژاردن!

دوابەدوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان و بردنەوەی گرەوی سەرکەوتن لەم هەڵبژاردنە، کە لایەنەکانی دیکە پێیان وا بوو، ئیتر پارتی پیر بووە و دەبێ چۆک بۆ لایەنەکانی دیکە دابنێ، یان تانەیان لە ئەدای حکومەت دەدا، بەهۆی قەیرانی دارایی و سەختیی ژیان و ئەم بارودۆخەی تێی کەوتبووین.

من هەمیشە وەك هونەرمەندێك ئومێدم بە حزبەکەم هەبووە کە دەتوانێ پەنجە لە شوێنی بریندار دابنێ و گرفتەکان بە ئاسانی چارەسەر بکات، چونکە قودرەتی پارتی ڕادەبەدەرە لە متمانە بەخۆ بوون بۆ دەربازبوون لەو گرفتانەی دێنە پێشەوە، هەروەك چۆن بینیمان لە میانەی خۆنیشاندانی مووچەخۆرانی کوردستان، کە بە ڕوونی دیار بوو چەند لایەنێك هەوڵیان دەدا بۆ هەڵقۆستنەوەی بارودۆخەکە و کاریان لەسەر ئەوە دەکرد، ئەمە دوا هەناسەی پارتی بێت لە حوکمڕانی، ئێمەش وەك چینی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان لامان ئاشکرا بوو، کە تاکە کەس بتوانێ بەرپەرچی ئەو هەموو پیلانە داخ لە دڵانە بداتەوە، تەنیا بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) یە کە دەتوانێ بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی، بە پاکێجێکی نوێوە بێتەوە نێو جەماوەر و مژدەی گەورە ڕابگەیەنێ، بەڵام مژدە بە مانای وشە نەك، تەنیا قسەی ڕووتی بێ کردار، ئەوە بوو بەر لە هەموو شتێك بە ڕێژەیەکی زۆر پاشەکەوتی مووچەی نەهێشت، جگە لە بڕیاری ٣٠ ڕۆژ جارێکی مووچە، خەڵکی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا ئەوەیان دووپات کردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت پێشەنگ بێت و هەر پێشەنگیش بمێنێتەوە، چونکە ئەو حزبە ڕەگێکی پتەوی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا چەسپاندووە، مێژوو، خەبات و قوربانیدانی بێوچانی و نەخشەی سەربەخۆیی و تێکشکانی ئەبرامز تەنیا لە گەورەیی ئەودا دێت.

ئەوەی لێرەدا ئەرکی پارتی قورستر دەکات ئەوەیە، کە دوای سەرکەوتن لەو پرۆسەیەدا و مانەوەی وەك حزبی یەکەم لە کوردستان، دەبێت ئیدی کاتی ئەوە هات هونەرمەندان ئاوڕێکی جددییان لێ بدرێتەوە، کە ساڵانێکە لە قەیراندا نەوەستان لە بەرهەم و کاری پڕ لە داهێنانی خۆیان، وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی کە ڕووبەرووی هونەرمەندان دەبوونە کەچی ئەوان سوور بوون لەسەر پشتیوانی لە حکومەتی



**شاخەوان مستەفا**

هەرێمی کوردستان کە ساڵانێك بەهۆی قەیرانەوە کاری هونەری تەواو سستی پێوە دیار بوو، نەك تەنیا هونەر و فیلمیش، بەڵکو تەواوی جومگەکانی ژیانی گرتبۆوە.

لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە و گۆڕانی بارودۆخەکە لە قەیرانەوە بۆ ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە و، گەڕانەوەی هیوا بۆ خەڵکی کوردستان و تێگەیشتن لە بەغدا و گفتوگۆی چڕی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند بۆ پرسی بودجە و مووچەی کوردستان، حکومەتی کوردی لێرە بە دواوە دەبێت دەست بکاتەوە بە ئاوڕدانەوەیەکی جددی لە هونەر و هونەرمەندان، هەروەك چۆن لە ساڵانی بەر لە ٢٠١٤ دا، حکومەت گرنگی بە هونەر و پرۆژە هونەرییەکان دەدا، ئێستایش دەبێت پاکێجێکی نوێی بەدەستەوە بێ، بۆ گەڕانەوەی هونەر لە کوردستاندا کە ماوەیەی چەند ساڵێکە پرۆژە هونەرییەکان بە سستی دەبینرێن. ڕاستە چەندین پرۆژەی خۆبەخشانە پێشکەش کراون، تەنانەت چەند بەرهەمێکی سینەمایی و شانۆییش لەسەر گیرفانی بەتاڵی هونەرمەندان لەدایك بوون، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە بارودۆخ بەرەو باشتر بڕوات، ئێمەیش هەمان ئاوازی پێشوو بهۆنینەوە، بەڵکو دەبێت ئەمجارەیان حکومەت بە ڕۆحیەتێکی نوێوە کار بۆ زیندووکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان بکاتەوە، بەتایبەت لە سینەمادا کە موڵکی نەتەوەییە، تاکە ڕێگەشە بۆ گەیاندنی پەیامی میللەت.

ئێمەیش وەك فیلمساز، نازمان بەسەر ئەو نیشتمانەوە هەیە، کە دەبێت لێرە بەدواوە ئاوڕێکی جددی و خەمخۆرانە لە سینەمای کوردی بدرێتەوە و، جارێکیتر نەخشە بۆ سازکردنی فیستیڤاڵ و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و شانۆ دابڕێژینەوە، دڵنیاشم لەوەی کە پیاوی ڕۆژە سەختەکان دەتوانێت ئەم گەورەییە بۆ هونەر بگەڕێنێتەوە، چونکە باشتر لە هەمووان (نێچیرڤان بارزانی) دەزانێت سینەما ئاوێنەی وڵات و کەلتوورێکە و ڕێگەش نادات دڵی هونەر لە پایتەختی کوردستان لە لێدان بکەوێت.

هەر بۆیە ئێستا کە پێمان ناوەتە نێو قۆناغێکی نوێ و زاڵ بووین بەسەر قەیراندا، کە دروشمی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) ئەوە بوو، کە دەبێ مەحاڵ لە ژیانی خۆماندا ڕەش بکەینەوە، ئەوە بوو بە کردار بینیمان کە چۆن توانی بە سەر وشەی مەحاڵ سەرکەوێ و دووبارە هیوا بۆ هونەر و تەواوی بوارەکانی دیکە بگەڕێنێتەوە.

# کاترینا کیف زۆرترین کرێ وەردەگرێت

دوای ماوەیەکی کورت لە بڵاوکردنەوەی فیلمی (Race 3) لە هۆڵەکانی سینەمای هیندستان، ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد (سەلمان خان) کە پاڵەوانی فیلمەکەشە، بە یاوەری هەریەکە لە کاترینا کیف و جاکلین فرناندێز و سۆناکشی سینها و دیزی شاە، روو لە ئەمریکا دەکەن بۆ بەشداریکردن لە گەشتێکی گۆرانیوتن و سازکردنی چەند ئاهەنگێك بە ناونیشانی Da-Bangg: The Tour Reloaded.

ئەم گەشتە هونەرییە دوو هەفتە دەخایەنێت و لەسەر داوای ژمارەیەکی زۆری هەوادارانی ئەم ئەکتەران بوو، لە پاڵ ئەم هونەرمەندانەش ژمارەیەکی دیکەش لە هونەرمەندان بەشدار دەبن کە پێشتر لە ئەمریکا ئامادە دەبن و بەپێی پێشبینییەکان بە یەکێك لە گەشتە هونەرییە سەرکەوتووەکان دادەنرێت و چاوەڕێ دەکرێ ژمارەیەکی زۆری هەوادارانیان ئامادە بن.

هەر سەبارەت بەم گەشتە بەپێی سەرچاوەکانی ماڵپەڕی (DNA) کاترینا کیف زۆرترین کرێی ئاهەنگەکانی ئەم گەشتەی بەر دەکەوێت لە دوای سەلمان خان کە دەگاتە (١٢) میۆن رۆبیەی هیندی، دوای ئەوانیش جاکلین دێت کە (٨) ملیۆن رۆبیە وەردەگرێت، ئینجا سۆناکشی دێت کەبڕی (٦) ملیۆن رۆبیە وەردەگرێت.

دەربارەی پرۆڤەکانی گەشتەکەش سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە مەشقەکان بەشێوەیەکی چڕ و پڕ بەردەوامن و چەند نمایشێکی تایبەتیش لە خۆ دەگرێت، لەوانە نمایشێکی ئاسمانی و سەمایەکی تایبەتی جاکلین، لە کۆتایی گەشتەکەش بڕیار وایە جاکلین فرناندێز و سەلمان خان و دیزی شاە ئامادەی نمایشێکی تایبەتی فیلمی (Race 3)بن، کاتریناش دەست دەکات بە تەواو کردنی چەند گرتەیەکی فیلمێکی دیکەی لە ئەمریکا.





# هاوڕێیەکی هاندی دەستدرێژی دەکاتە سەری

خانمە ئەکتەرێکی تورك ئاشکرای کرد کە لەلایەن یەکێك لە هاوڕێ ئەکتەرەکانی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری و بەپێی چەند راپۆرتێکی میدیایی ئەو ئەکتەرە چەندین جار بە تۆمەتی گێچەڵی سێکسی تۆمەتبارە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی حورییەتی تورکی هاندی ئەتایزیی ئەکتەری تورکی رایگەیاند کەوا بەر لە ١٨ ساڵ لەلایەن ئەکتەری ناسراوی تورکی تەلعەت بۆلۆت دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری، ئەو کاتەی سەرقاڵی وێنەگرتنی زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی بوون، هاندی بە رۆژنامەی ناوبراوی راگەیاندووە: من زانیومە کە پێشتر دەستدرێژیی کردۆتە سەر چەند ئافرەتێکی دیکە، هەمان شتی لەگەڵ منیش ئەنجامدا، شەوێکیان بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی لە هوتێل بە مەبەستی خوێندنەوەی سیناریۆی زنجیرەکە، لەوێ دەستدرێژی کردە سەرم.

رۆژنامەی ناوبراو زیاتر رایگەیاندووە کە یاریدەردەری دیزاینی جلوبەرگ ئۆزگا شیمشك پێشتر تەلعەتی تەمەن ٦٢ساڵی بە دەستدرێژی تۆمەتبار کردووە لە سەروبەندی تۆمارکردنی زنجیرەی (سێوی قەدەغە) کاتێك بانگی کردبوو بۆ رێکخستنی جلوبەرگ و بە زۆری ماچی کردم، ئەمەش منی تووشی شۆك کرد، شیمشك ئەوەشی راگەیاند کەوا لە دادگا سکاڵا دژی بەرز دەکاتەوە و واز ناهێنێ تا ئەو کاتەی مافی خۆی وەردەگرێت، چونکە بە قسەی خۆی ناکرێ ئەم جۆرە تاوانانە بەبێ سزا تێپەڕ بن.

لەلایەن خۆیەوە تەلعەت بۆلۆت لە رێگای پارێزەرەکەی خۆیەوە تۆمەتەکانی رەت کردەوە و بە دوور لە راستی وەسفی کرد.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش بەرهەمهێنەری زنجیرە دراماکە رایگەیاند کە رۆڵی تەڵعەتی لە زنجیرەکە هەڵدەپەسێرێت، ئەگەر داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەیەك لەو تۆمەتانە بکاتەوە کە ئاراستەی کراون.





# ئۆپیرا وینفری خانوویەکی گرانبەها دەکڕێت

میدیاکاری ناسراوی جیهانی ئۆپیرا وینفری خانوویەکی گرانبەهای لە دوورگەی ئۆرکاس لە واشنتونی پایتەختی ئەمریکا کڕی، ئەو دوورگەیەی کە یاریی پایسکلسواری تایبەت و رۆیشتن بۆ ماوەی زۆر و گۆڵف و چەند یارییەکی دیکە ناسراوە.

نرخی ئەم خانووە زیاتر لە ٨ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە و پێکدێت لە سێ نهۆم، چوار ژوری خەوتن، سێ گەرماو، ساونایەکی تایبەت، ورەشەیەکی تایبەت، ژوورێکی چایخواردنەوە لەگەڵ ژوورێکی کاری پیشەیی و کوخێك لەژێر زەوی و چەندین هۆکاری دیکەی پێشکەوتوو لەو خانووەدا دەستەبەر کراوە، ژووری میوانداری خانووەکەش بە شێوەیەکی تایبەت دروستکراوە و دەڕوانێتە سەر کەنارێکی تایبەت و لە رووی ئاسایش و پاراستنیشەوە زۆر بە رێکوپێکی دروستکراوە. ئۆپیرای تەمەن ٦٤ ساڵ لە سەرەتای ئەم مانگە گرێبەستی کڕینی خانووەکەی واژوو کردووە.

شایەنی باسە ئۆپیرا لە رۆژی ١٩٥٤/١/٢٩ لە دایکبووە و تەمەنی منداڵیی بە هەژاری و نەبوونی بەسەر بردووە، باوکی کاری سەرتاشینی دەکرد، جگە لەچەند کارێکی بازرگانی بچووك، بەڵام نەیدەتوانی بژێوی ژیانی پەیدا بکات، بۆیە دایکیشی لە پاڵ باوکی کاری دەکرد، بارودۆخی سەختی ژیان وای لە ئۆپێرا کرد لە دایك و باوکی جیا ببێتەوە و تا تەمەنی گەیشتە شەش ساڵی لە گەڕەکێکی هەژار نشین لەگەڵ داپیری دەژیا.



### جوان ئەحمەد بەدرخان:

# نەبەردی پێشمەرگە وایکردووە لە ئەوروپا خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی زۆر بێت

**لە ساڵی ١٩٨٤، وەک بەشێکی زۆری کوردان روو لە هەندەران دەکەن و بە یەکجاری کوردستان جێدەهێڵن، وێستگەکەشیان وڵاتی نەرویج بوو. جوان ئەحمەد بەدرخان لەو کاتەوە بەهۆی دایکیەوە فێری کاری دایزینی جلوبەرگی کوردی دەبێت، بەمەش هاتە نێو دنیای پڕڕەنگی کاری دیزاین و مۆدێل، هەر ئەمەش وایکردووە هەردوو خوشکە بچووکەکانی چاو لە جوان بکەن و کاری دیزاین و نمایشی جلوبەرگ بکەن، لە دەرفەتێکدا بەم شێوە بۆمان هاتە ئاخافتن.**

جوان ئەحمەد بەدرخان لە بارەی کاری دیزاینەری جلوبەرگی ئافرەتان دەڵێ:

لە ئەورووپا گرنگی زیاتر بە جلوبەرگ و کاری دیزاینکردن دەدەن، منیش هەوڵمدا ئەو بیرۆکەیەی لە خەیاڵمدایە، بەتایبەتی هێما و سیمبوڵی کوردی لە کارەکانم رەنگبداتەوە و هەوڵ دەدەم رەسەنایەتی جلی کوردی وەکو خۆی دەهێڵمەوە بەڵام گۆڕانکاری لە رەنگ و شێوازی دوورینەکەی دەکەم، دایك و داپیرمان چییان لەبەر کردووەو ئەو جلوبەرگە دروست بکەمەوە تاوەکو نەوەی نوێ ئاگاداری کولتوور و فەرهەنگی باوك و باپیرانیان بێت،لەبەر ئەوە ئێستا خەڵك زۆر روویان لە بەرکردنی جل و بەرگی کوردی کردووە، بۆ کچێکی وەکو منیش هەرچەندە سەختی هەبێت، بەڵام ئەگەر بوێری و ئازایەتی هەبێت بەسەر هەموو کێشەکان زاڵ دەبیت.

جوان ئاماژە بەوە دەکات کە کوردانی تاراوگە جیاوازتر لە پێشوو روویان لە جلوبەرگی کوردی کردووە و دەڵێ: لە ساڵانی پێشوودا کوردان هێندە روویان لەجل وبەرگی کوردی نەدەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕاوە بەتایبەتی دوای شەڕی داعش، چونکە دەرکەوتنی کورد لە هەموو جیهان، کاریگەری گەورەی کردووەتەسەر کوردەکانی ئەورووپا، چونکە بەهۆی ئازایەتی و نەبەردی پێشمەرگەی کوردستان ناوی کورد لە هەموو جیهان ناسرا، ئەمەش خواستی لەسەر پۆشینی جلوبەرگی کوردی زیادکرد، ئێستا لە هەموو تەمەنەکان جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و گرنگی پێدەدەن.

سەبارەت بە ناسینی جلوبەرگی کوردی لەسەر ئاستی جیهان و ناساندنی وەك براندێك، جوان دەڵێ:

هەرچەندە لێرەو لەوێ هەوڵی بچووك هەبوون بۆ ئەوەی جلوبەرگی کوردی لەسەر ئاستی جیهان بناسێنرێت، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی کار لەسەر دروستکردنی براندی کوردی نەکراوە و ئەو هەوڵانەی هەشبووە ئەنجامێکی باشیان بەدەست نەهێناوە. بۆیە دەبێت سەرەتا براندە جیهانییەکان بە جلوبەرگی کوردی ئاشنا بکەین، هەموو جۆرە جلوبەرگەکانی کوردیان پێ بناسێنی، دواتر هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکاری و یارمەتی لەو براندانە بدەی بۆ ئەوەی ئەوانیش پاڵپشتت بن.

نەبوونی کچە مۆدێلی کورد وەك پێویست یەکێکە لەو گرفتانەی کە هەمیشە دیزاینەرەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن جوان ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی مۆدێلەکانی کچی ئەورووپیین، بەڵام شکل و شێوەیان زۆر بەکورد و رۆژهەڵاتی دەچێت و دەڵێ: چەند جارێك نمایشم پێکردوون کەس نەیزانیوە کورد نین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دانە مۆدێلی کوردیم هەیە، بۆیە من بە کچی ئەورووپی جلی کوردیم نمایش کردووەو خەڵك زۆر بەدڵیان بووە.

جوان یەکێکە لەو دیزاینەرانەی کە کاری لەسەر جلوبەرگی بیانیش کردووە و گرنگییان پێدەدات و لەم بارەوە دەڵێ:

جگە لە جلی کوردی من جلی مەغریبی و توونسی و جەزائیری وەکو گەلابییەو عەبای کەنداوی و چەندین شێوازی دیکەی عەرەبی و ئەورووپی دیزاین دەکەین، کە خواستێکی یەکجار زۆری لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردیش ئێستا ئەم جۆرە جلوبەرگانە لەبەردەکەن.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی کاری دیزاینەری جلوبەرگەوە وتی:

بە راستی هەڵبژاردنی کاری هونەری و دایزین، هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، دایکم لە بنەماڵەی رەشۆڵە لە شاری سلێمانی، کە هونەرمەندێکی ناسراوی ئەو ناوچەیە بووە، بۆیە ئێمە لە بنەماڵەیەکی هونەری گەورە بووین و کاریگەری گەورەی لەسەر ئێمە هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکم لە بنەماڵەی بەدرخانیەکانە و ئەوانیش پێشەنگ بوونە لە بواری هونەری و ئەدەب و زانستدا، ئەمەش کەم یان زۆر کاری کردووەتەسەر ئێمە، لەبەر ئەوە ئێمە لەماڵەوە بەکاری هونەری سەرقاڵین، هەردوو خوشکەکانم کاری دیزاین و فاشین دەکەن، دایکم زۆر دەستڕنگینە و هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری ئێمە بووە.

لە کۆتاییشدا ئاماژە بە دوایین پڕۆژەی خۆی دەکات و دەڵێ:

یەکێك لەو پڕۆژانەی کە ئێستا کاریان لەسەر دەکەم و پەنا بەخوا لەسەرەتای ساڵی نوێوە دەست پێدەکەین، بریتییە لەئامادەکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە جلوبەرگی کوردی کە پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتییە، کە بە شێوازێکی ئەکادیمی و پڕۆفیشناڵی باس لە شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە جلوبەرگی هەرچوارپارچەی کوردستان لەم گۆڤارە بڵاودەکەینەوە، هەروەها پڕۆژەیەکی دیکەشم کتێبەکە لەسەر کولتوورو فەرهەنگی کوردییە، کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوی دەکەمەوە، هاوکات پڕۆژەیەکی گرنگی دیکەم ئەوەیە کە لە کەمپی ئاوارەکانی کوردستان هاوکاری و یارمەتی ئەو ژنانە بدەم کە حەزیان لە دروومان و دیزاین و کاری کولتوورییە، لەوانەیە دەیان کچ لەم کەمپانە حەز و خولیای کاری دیزاین و دروومانی جلوبەرگ بێت، بەڵام کەس نییە هاوکارییان بکات.



